# ئاگایی، وەهمێکە لە «سەروو تێگەیشتن»ـەوە

## گوزەرێک بەنێو کتێبی (لە بەکتریاوە تا باخ و بەپێچەوانەوە: پەرەسەندنی زەینەکان)

**تۆماس ناگیل**

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: وریا ئەحمەد**

**قسەیەکی وەرگێڕ:**

**(خودئاگایی وەهمێکە، قابیلی تێگەیشتن نیە! مرۆڤ سەراپا کائینێکی فیزیکاڵ بایۆلۆژییە و هیچی تر.... کەلتور و شارستانیەتیش تەنها دیوە وەهمییەکەی پەرەسەندنن، ئەو دیوەن کە مرۆڤ لای بووە بە واقعیەتی ژیان و پێیان ڕاهاتووە!).**

**بەم دێڕانە دەست پێدەکەم؛ زمان کە لەدیدی دانیال دێنیتدا دەزگایەکی سەرەتا ئۆرگانی و پاشان کەلتوریی پەرەسەندووە، ئەو پانتاییەیە کە تێیدا ئاگایی و مەعریفە و ناسینەوەی جیهان بەباردێن. تائێرە کێشەیەکمان نیە، سۆمەرییەکان بە داهێنانی نوسین، پرۆسیسی پەرەسەندنی زمانیان خێراترکرد، واتە ئەوان زەمینەیان ڕەخساند تا ئاگاییش پەرەبسێنێت. بەڵام ئاخۆ خودئاگایی و مەعریفە و ناسینەوەی جیهان لەنێو ڕەمزەکانی زمانی سۆمەرییدا، شتانێکی حەقیقی بوون یان وەهم و خەیاڵپڵاوی؟ ئاخر لەناو سۆمەرییەکاندا و لەسیاقی زمانی ئەواندا، جیهان ئێجگار خورافی و مێتۆلۆژییانە بوو، جیهانی وەهم ئامێزی خوداکان و مرۆڤەکان تێکەڵ بەیەکتر ببوون. ئاسمان سەرزەمینی خودا زۆرو زەبەندەکانی سۆمەری بوو. ئایا دەتوانین بڵێین ئەو خودئاگاییەی مرۆڤی سۆمەری لەسیاقی ئەم زمانەدا پێی گەیشتووە، وەهم نیە و واقعیەتی هەبووە؟ ئەم زمانە ئاگایی و مەعریفەی سۆمەری لەسەر خۆیان و مرۆڤ و**

شارەکانیان، دەبردەوە سەر خورافە و خودا وەهمییەکان، واتە بەچەشنێک زەینی مرۆڤی سۆمەری و بەدوایدا میتۆلۆژییەکانی تر و کلتورە ئاینییە ئاسمانییەکانیشی بەلاڕێدا برد، هەزاران ساڵی پێ چوو تا مرۆڤ بەشێوەیەکی زانستییانە پەی بەوە ببات کە ئەو هەر لەسەر زەوییەوە بەدیهاتووە و پەرەیسەندووە....

دانیال دێنیت، بەتەنها ڕستە و تێزەکانی هەڵاساز نیە، بەڵکو یارمەتیدەریشە تا توانای خەیاڵ و ئەندێشەکردنمان فراوانتر و دورمەوداتر بکەین. دورمەودا، هەم بەرەو ئایندەیەکی شێوە تراژیدی کە بە گریمانەیەک ڕەنگە تێیدا ئامێری زیرەک لەبری مرۆڤ و هاردوێری پەرەپێدراویش لەبری مێشک، کارەکان هەڵسوڕێنن! هەمیش بەرەو ڕابوردووە دوورەکان، بەرەو قۆناغی ئۆرگانە فیزیکاڵە تاک-خانەییەکانی سەرەتای دەستپێکی ژیان! ئاخر دانیال دێنیت پێی وایە پەچەکرداری ئەو ئۆرگانە تاک-خانەییانە لەئاست ژینگەی دەوروبەریان، هەنگاوە سەرەتاییەکانی دروستبوونی ئاگایی و هۆشیاریی ئەمرۆکەی مرۆڤایەتییان تێدا پەنهانە! کاتێک سەرنجی وتە و ڕستەکانی ئەم فەیلەسوفە داروینییە دەدەیت، خێرا هەستێکی سەیرت لا درووستدەبێت، هەستی ئەوەی کە ئێمە لەنێو خودی واقعییەتی جیهان هەر بەو جۆرەی کە هەیە، ناژین! بەڵکو لەنێو ئەو وێنا و وێنەیەی جیهاندا دەژین، کە خودئاگایی پەرەسەندووی ئێمە سازاندوونی! دانیال دێنیت ئەمە ناودەنێت بەرکەوتنی ئێمە لەگەڵ وەهمی کۆپی و لەبەرگیراوەکانی واقع، ئەگینا واقیع شتێکی ترە، ئاڵۆزتر و وردتر و بەتەواویش لەگەڵ تێگەیشتنێک کە ئێمە پێی ڕاهاتووین، یەکناگرێتەوە. ڕەنگە دیوێکی تێزەکانی دێنیت، ئەوە بێت کە ئێمە هێشتا لەنێو ئەشکەوتەکەی ئەفلاتون تەشریفمان نەهێناوەتە دەرەوە و هێشتا سەروکارمان لەگەڵ سێبەرەکاندایە! بەو جیاوازییە، ئەشکەوت لێرەدا هێما و میتافۆرە بۆ کەلتور و نەریت و ئاین و ئیدۆلۆژیا و تەواوی ئەو کۆپەیوەندییە سیمبولیکانەی کۆمەڵگا مرۆییەکان، کە مرۆڤ تێیدا بەحیسابی خۆی دەگات بە پلەی خودئاگایی و هێزی ناسینەوە و درککی جیهانیان لێوە وەردەگرێت. ئەمە لێدانە لە نەرجسیەت و جاڕدانی کۆتاییهاتنی ئەو خەوە خۆشەیە کە مرۆڤ خۆی بە سوبێکتێکی بەئاگا، ژیر و هۆشمەند دەزانێت! ئێمە پێمان وایە لەنێو کۆپەیوەندییە ڕەمزییەکان و لەفەزای کەلتور و شارستانیەتی مرۆڤایەتییدا، بەئاگادێینەوە و خودئاگاییمان بەدەستدێنین و خۆمان و دەوروبەرمان دەناسین و کەشفدەکەین، بەڵام گەر دانیال دێنیتیانە بدوێین، ئەمە بەئاگاهاتنەوە نیە، ئەمە تەنیا ڕۆیشتنە لە خەوێکەوە بەرەو خەوێکی تر. دانیال دێنیت وا دەڵێت، خودئاگایی وەهمە، وەهمێک کە قابیلی تێگەیشتن نیە..... دانیال دێنیت، بۆ

ڕوونکردنەوەی زیاتر، پشت بە تیۆرەیەکی جیاکارییانەی ( ویڵفێرد سێلیریز) دەبەستێت. جیاکاری لەنێوان دوو جۆر بینین و دیدگا بۆ جیهان، ئەوانیش بریتیین لە: وێنەی ئاشکرا و وێنەی زانستی. جیهان، لەسیاقی وێنەی ئاشکرادا، ئەو جیهانەیە کە ڕۆژانە ژیانی خۆمانی تێدا دەگوزەرێنین، لێی ڕاهاتووین و لەو شتانە پێکهاتووە کە دەیانبینین و دەیانبیستین و هەستیان پێ دەکەین، درەختەکان، دەریاکان، هەست و سۆزەکان، ئاین و ئیدۆلۆژییەکان.... بەڵام لای دێنیت ئەمە ڕووکار یان لەبەرگیراوەی واقعیەتێکی نەبینراوە و خودی واقعی جیهان نیە! واقعی جیهان، تێگەیشتن لێی لەئەستۆی (وێنەی زانستی)دایە، جیهانی ناو وێنەی زانستی، لە ئەتۆم و کوارکەکان و هەستەوەرە دەمارە خانەییەکان و گەردیلە و وزەی تاریک و هێزی کێشکردن و وزەی لاوازی بارکراو لە بۆزۆن و کوارک و وزەی بەهێزی بارکراو لەئەتۆمەکان و کارۆموگناتیسی.....هتد پێکهاتووە. دێنیت، وێنەی زانستی بە واقیعیەتی ژێرخان و بنەمای حەقیقی بۆ وێنەی ئاشکرا، دەداتە قەڵەم. واتە وێنەی ئاشکرای جیهان هیچ نیە، جگە لە وەهمێك نەبێت کە لەسەر شاشەی خودئاگایی ئێمە دەردەکەوێت! دانیال دێنیت ئەمە بەراورد دەکات بە ئامێرێکی وەکو کۆمپیوتەر و بۆ ڕوونکردنەوەش، چەمکی ( بەکاربەرە - وەهم ) دێنێتە بەرباس. سیستەمی هاردوێر و سیستەمی داڕێژراوی ماتماتیکی ناوەوەی کۆمپیوتەر، هێند ئاڵۆز و ورد و چڕکراوەیە، کە بەکاربەر هیچ سەروکارێکی لەگەڵدا نیە، بەڵکو سەروکاری بەکاربەر لەگەڵ شاشەی کۆمپیوتەر و هێماکانی سەر شاشەدایە. لەکاتێکدا ئەوەی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر ڕوودەدات، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیستەمی ناوەوەی کۆمپیوتەرەکەوە نیە و هیچ شتێک لەسەر ناوەوەی کۆمپیوتەرەکەش بە «بەکارهێنەر» ناڵێت، بەڵکو هێماکانی سەر شاشە، زنجیرەیەک ئەکتی ئاسانکراون کە دیزاینەرانی کۆمپیوتەر ڕەخساندوویانن تا چاوی ئێمە هەستیان پێ بکات و بەکاریان بێنین. سەرئەنجام، وێنەی ئاشکرای جیهان، ئەو شاشە دیسکتۆپە ئاسانکراوەیە کە ئێمە بەرکەوتنێکی هێمایی و زمانەوانیمان لەگەڵیدا هەیە، و سیستەمی هاردوێر و ناوەوەی کۆمپیوتەریش بریتیە لەو واقیعیەتە ئەتۆمی و تاک خانەیی و کوارکی و وزەییە ئاڵۆز و نەدیتراوەی پشتەوەی ئەم شاشەیە و زانست سەروکاری لەگەڵدا هەیە. زانست، بەمانا داروینیزمەکەی و لەقاڵبی تیۆرەی پەرەسەندندا، ئەو هێزی تێگەیشتنەیە کە دێنیت هەوڵدەدات بیکات بە بەدیلی خودئاگاییە وەهم بینەکەی ئێمە. لێرەوە دانیال دێنیت ڕستەیەک دەڵێت کە بارتەقای گەشبینی لەئاست پەیامی نێو ڕستەکە، دەبێت بترسین و نیگەران بین. ئاخر ڕستەکە باس لە کۆنترۆڵکاری مرۆڤ دەکات! دێنیت دەڵێ: ئەمڕۆ ئێمە لە پەرەسەندن (ئیڤۆلەیشن) تێگەیشتووین و دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین! ئەمە خستنە سەرپشتی دەرگایەکە بەڕووی جیهانێکدا کە ڕەنگە تێیدا وەزیفەی مرۆڤ و

خودئاگاییە وەهمیەکەی کۆتایی پێ بێت! ئایا دەکرێت زیرەکی سەدان زانا و ئەزموونی نێو سەدان تاقیگەی زانستی چڕبکەینەوە و لە میمۆری یان هاردوێرێکدا پرۆگرامی بکەین؟ سمارت فۆن و ئامێری زیرەک و داهێنانی سۆپەر کۆمپیوتەرە ئاڵۆزەکان چین؟ جگە لە پەرەدانێکی دەستکرد و ئەلیکترۆنیانە نەبێت بە مێشکی مرۆڤ؟ گەر مرۆڤ تەنها کائینێکی فیزیکاڵ و ڕۆبۆتێکی پەرەسەندوی بایۆلۆژی بێت و مێشکی ئەو تەنها دەزگایەکی چڕکراوەی هەستەوەرە دەماری ئاڵۆز بێت کە خودی خۆیشی لەشێوازی کارکردنی تێنەگات، بۆ نمونە مرۆڤ لەوە تێناگات چۆن مێشک بەهاوکاریی گوێ و پەردەی گوێ، شەپۆلێکی دەنگی دەگۆڕێت بۆ وشە و ڕستە و وێنای مانادار! دەمەوێت بڵێم گەر ئەمە واقیعیەتی مرۆڤ بێت، ئایا ئیمکانی ئەوە ئاسان نیە مێشکی دەستکرد و مەصنوعی و ئەلیکترۆنی درووسبکرێت و بکرێت بە نمونەیەکی ئێجگار پەرەسەندووتری مێشکی مرۆڤ؟ مەگەر تەلیسکۆپی هابڵ چیە؟ کە وێنەی هەسارە و کاکێشان و گالاکسیەکان دەچرکێنێت بە کوالێتیەکی بەرز و لەدوری ملێۆنەها کیلۆمەترەوە؟ جگە لە چاوێکی ئەلیکترۆنیی ئاڵۆز و پەرەپێدراو نەبێت؟ .......و بەم جۆرە مرۆڤ دەستکاریی پەرەسەندنیشی کرد! لەکۆتاییدا، دانیال دێنیت وای دەبینێت، یەکەمین پەرچەکرداره کیمکاڵەکانی ئۆرگانە تاک-خانەییەکانی پێش چاخی (کامبرین) لەهەناوی خۆیاندا مژدەی یەکەمین هەنگاوەکانی ئاگاییان هەڵگرتبوو، ئاگاییەک کە ملیۆنەها ساڵ پەرەدەسێنێت و لە کۆنسێرتی چوارەمی (براندنبۆرگ)دا دەرفەتی ئەوە بە باخی موسزێۆن دەدات شاکارەکەی بخولقێنێت. ئایا دانیال دێنیت، لەکتێبی ( لەبەکتریاوە تا باخ و بە پێچەوانەوە) دەیەوێت بڵێ گەشتی پەرەسەندنانەی ئاگایی لەناو زیندەوەرە تاک-خانەییەکانەوە دەستیپێکرد و بە گیاندارێکی فرە خانە و ئاڵۆزی وەک ئێمە گەشت و ئێمەش چونکە لە پەرەسەندن تێگەیشتووین، دەتوانین لەمیانەی داهێنراوە ئەلیکترۆنیەکانەوە توانستە پەرەسەندووەکانی مێشکمان بە سمارت ماشێن و هاردوێرە ئاڵۆز و سۆپەر کۆمپیوتەرەکان ببەخشین و جیهان و کاروبارەکانی بۆ ئامێرەکان بەجێ بهێڵین؟ ڕەنگە فیکری دانیال دێنیت بۆ زۆرێک وەک فەنتازیای ناو فلیمێکی خەیاڵی زانستی هۆڵیود بێتە بەرچاو، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە جیهانی ئێستا دێنیت پێویستە. جیهانێک کە داهێنراوە ئەلیکترۆنی و سمارتییەکان و نێتۆرکەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان کۆنترۆڵیان کردووە و وەختە ئەپەکان و ئینتەرنێت ببنە بەشێک لە ئاگایی و بینینی مرۆڤ بۆ دەورو بەر و جیهان....

***　　***　　***

پەنجا ساڵ دەبێت کە دانیال دێنیتی فەیلەسوف بە پشتبەستن بەزانست، لەپێناو ڕزگارکردنی ئێمە لەو شتەی ئەو بە (وەهم) لێی گەیشتووە، لەگەڵ پرۆژەیەکی گەورەدا دەربارەی (داماڵینی وەهم لە جیهانی مرۆیی) دەرگیرە. لەدیدی ئەودا ڕزگاربوون لەم وەهمانە، سەختە، بەو بەڵگەیەی کە زۆر سرووشتیین. دێنیت، لە هەژدەهەمین کتێبی خۆیدا: (لەبەکتریاوە تا باخ و بەپێچەوانەوە: پەرەسەندنی زەینەکان)، نوسینێکی پڕ بەها و هەروەک چاوەڕواندەکرا، درەوشاوە، لەسەر جیهانبینیی خۆی، دەدات بەدەستەوە. ئەو سەرەڕای سودبینین لە خەرمانی پێدراوە زانستیەکان، ڕایدەگەیەنێت کە زۆرێک لەوەی وتوویەتی، پێشبینی و گریمانەیە! نەوەک پاگەندەگەلێکی سەلمێنراو بن، چ لەڕووی فەلسەفی و چ لەڕووی ئەزمونییەوە. دێنیت، هەمیشە هاونشینێکی خۆش مەشرەب بووە. ئەو هەڵپەیەکی سەیری بۆ (پرۆسەی ناسینی زانستیی) تێدایە، و لە گێڕانەوە و ڕوونکردنەوەی گرنگی ئەم (پرۆسەی ناسینەوەیە)دا، بەڕوونی و بێ ڕووکەش بینی، یەکێکە لەباشترینی ئەو کەسانەی کە من دەیانناسم. فۆرمی نوسینی ئەو، خۆش مەشرەبی و تەنزئامێزی و دەستڕەنگینیی پێوە دیارە. بەتایبەت لەم کتێبەی دا، گەرچی بێ پەردە لایەنگری دیدگایەکە، بەڵام بەسەختی دەکۆشیت لە هۆکارەکانی خۆبەدەستەوەنەدان بەم دیدگایەی تێ بگات و دواتر بێ

کاریگەرییان بکات. ئەو خۆی دان بەوەدا دەنێت ئەوەی دەیەوێت ئێمە باوەڕی پێبکەین، بەشێک لەم ویستنەی، بەتەواوی پێچەوانە و دژە لەگەڵ تێگەیشتنی هاوسەنگ و بەرانبەردا. لەکۆتایی دا ئەوە ڕووندەکەمەوە بۆچی سەراپای ئەم پرۆژەیەی (دێنیت) ناگات بە ئاکامێک. بەڵام سەرەتا ڕووخسەتم دەوێت کە ئەسڵی بابەتەکە بخەمەڕوو: بابەتێک کە بەشی زۆری ڕاست و مایەی قبوڵە. ئەم کتێبە (لە بەکتریاوە تا باخ و بەپێچەوانەوە...)، پێکهاتەیەکی مێژوویی هەیە، کە دەستمان دەگرێت و لە جیهانی (پێش ژیان)ـەوە بە زەین و شارستانیەتی مرۆییمان دەگەیەنێت. ئەم بەرهەمە وەک گرنگترین ڕەوش و شێوازی ڕوونکردنەوە و ڕۆشنکردنەوە، کە پشت بە وێنا و نمونەگەلی جیاوازی پەرەسەندن لەڕێگەی هەڵبژاردنی سرووشتی دەبەستێت، بەگشتی لەخۆگری پەرەسەندنی بایۆلۆژییانە و پەرەسەندنی کەلتورییانەیە. دێنیت، بەخێرایی خۆی دەنوسێنێت بەو گریمانەیەوە کە ئێمە بەتەواوی بوونەوەرگەلێکی فیزیکاڵین و هەر دیاردە و دەرکەوتەیەکی پێچەوانەی ئەمەش دەبێت بەجۆرێک ڕوونبکرێتەوە، تا لەگەڵ ئەم گریمانەیدا سازگار و گونجاو بێت. بەهرەی داهێنەرانەی باخ یان پیکاسۆ و ئەزمونی ئاگاییانە و هۆشمەندانەی ئێمە لە بیستنی ( کۆنسێرتی چوارەمی براندنبۆرگ)ـی باخ، یان بینینی تابلۆی (کچی بەرامبەر ئاوێنەکە)ـی پیکاسۆ، هەمووی لە زنجیرە ڕووداوگەلێکی فیزیکاڵیەوە

**سەرچاوەدەگرن کە ئەم (زنجیرە ڕووداوە فیزیکاڵییانە) لە پێکهاتەی کیمیایی سەر ڕووی زەوییەوە، پێش پەیدابوونی ئۆرگانە تاک-خانەییەکان، دەستیانپێکردووە و درووست بوون! دانیال دێنیت لەم مەسیرەدا، دوو پرسی بێ وەڵام شیکاری دەکات: سەرچاوەی ژیان لەدەستپێکەوە و سەرچاوەی کەلتوری مرۆیی کە ئێجگار تازەترە، بەڵام ئەمە ئێمە لە گومانکردن ناوەستێنێت. ئەرکێک کە دانیال دێنێت خستویەتییە سەر شانی خۆی، بەرمەبنای جیاکارییەکی بەناوبانگ دروستبووە، کە ( وێڵفێرد سێلریز)ی فەیلەسوف لەنێوان (وێنەی ئاشکرا٢) و (وێنەی زانستی٣)دا کردوویەتی. ئەم دوو وێنەیە، شێوازی ڕوانینە بۆ جیهانێک کە تێیدا دەژین. دێنێت دەنوسێت: " لەسەر بنەمای (وێنەی ئاشکرا)، جیهان لێوانلێوە لە مرۆڤەکان، گیا و درەختەکان، ئاژەڵەکان، کەرەستە و کاڵاکان، خانووەکان و ئۆتۆمبێلەکان....... و ڕەنگ و پەلکەزێڕینە و خۆرئاوابوونەکان و دەنگەکان و سەرتاشخانەکان و تەفرە و فریوەکان و دۆلارەکان، کێشە و قەیران و هەڵەکان و هەلەکان و زۆرێک لەشتەکانی تریش. ئەمانە بێ هەژمار (شتانێکن) کە ئێمە بەسادەیی پەییان پێ دەبەین، ئاماژەیان پێ دەکەین، عاشقیان دەبین یان نەفرەتیان لێ دەکەین، و لەزۆربەی بوارەکانیشدا دەستکاری یان تەنانەت دەیانخولقێنین..... ئەمە جیهانە لە دیدگای ئێمەوە ". لەلایەکی ترەوە دێنیت لەڕووی (وێنەی**

**زانستی)یەوە جیهان بەشوێنێک دەزانێت کە: "خانەکان، ئەتۆمەکان، ئەلیکترۆنەکان، هێزی کێشکردن، کوارکەکان، کێ چوزانێت کە چ شتانێکی تریش ( وزەی تاریک....مادەی تاریک....) داگیریانکردووە". لەدیدگای دانیال دێنیتەوە، جیهان نەک هەر بۆ ئێمە، بەڵکو خۆی لەخۆیدا هەر بەو جۆرەیە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە بە شێوازێکی زانستی ڕوونیبکەینەوە کە چۆن جیهانی (خانەکان) بە ئاستێک گەیشتووە بووە بە لەخۆگری گیاندارانێکی وەک ئێمە، واتە بوونەوەرێکی فیزیکاڵی ئاڵۆز و فرەخانە، کە بۆ ئەم بوونەوەرە هەموو شت و لەنێوانیشدا خودی خۆی، بەم ئەندازەیە جیاواز دێتە بەرچاو؟! ئەو، دیدگای (سێلریز)ی بەم تێبینیە، زۆر پەرەپێدا کە واتا و مەفهومی (وێنەی ئاشکرا) دەتوانرێت بگشتێنرێت، تاوەکو نەوەک هەر بدرێتە پاڵ مرۆڤ، بەڵکو بدرێتەپاڵ هەموو بوونە زیندووەکان کە لەهەموو ڕێگاکانەوە دەچنەوە سەر بەکتریا و بە بەکتریا کۆتاییاندێت! هەموو ئۆرگانەکان، هەستەوەری ژینگەیی و پەرچەکرداری فیزیکاڵییان هەیە کە بواری ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت تا بەشێوازی گونجاو، تەنها کاروبارگەلێکی دیاریکراو لە دەوروبەریان درکبکەن و لەئاستیاندا پەچەکردار بنوێنن. کاروبارگەلی وەک: خۆراک، زیانبار، ئاسایش، مەترسیدار، سەرچاوەی وزە یان توانستی بەرهەمهێنانەوە، ڕاوچییان یان نێچیری گریمانەیی. دانیال دێنیت ئەمانە ناو دەنێت: "توانستی کردار". بۆ هەر جۆرە**

ئۆرگانێک، چ گیایی بێت و چ ئاژەڵی، توانستی کردار شتێکە کە جیهانەکەیان بۆ ڕووندەکاتەوە. جیهانێک کە بۆ ئەوان بەرجەستە و بەبایەخە، جگە لەمە، ئەوان دەتوانن شتەکانی تر وەک نەبوو بژمێرن و لەبەرچاوی نەگرن. میکانیزمی فیزیۆلۆژی هەرچی بێت، ناوەڕۆک و کاکڵەی (وێنەی ئاشکرا) خۆی لەکاری ئۆرگانیزمەکان و چۆنیەتیی پەچەکردارنواندنیان لەهەمبەر ژینگەی دەوروبەریان، ئاشکرا دەکات. پێویستە ئەوەش بڵێین، ئەم قسەیەی سەرەوە بەو واتایە نایەت کە ئۆرگانەکان وەستانەوەیەکی ئاگاییانەیان لەهەمبەر دەوروبەریانەوە هەبێت. بەڵام لەم فۆرمە زۆر سەرەتاییانەوە (کە ئۆرگانەکانن)، (توانستی کردار و پەرچەکردار) یەکەمین هەنگاوە لەڕێگەی هوشیارییدا. پرۆسەی دوورودرێژی (پەرەسەندن) کە ئەم ئەنجامانە دەخولقێنێت: سەرەتا بایۆلۆژییانە و دواتر بەنیسبەت ئێمەی مرۆڤەوە، کەلتورییانەیە، و تەنها لەخاڵی کۆتاییدا کە لەڕێگەی توانا هەرە تایبەتییەکانی زەین و شارستانیەتی مرۆییەوە ئیمکانی بۆ ڕەخساوە، تا ڕادەیەک پلانێکی هۆشمەندانە ئاراستەیکردووە. ئەگینا پێشتر وەک دێنیت دەڵێت؛ فەزای ژینگە لەسەرەتای هەر شتێکەوە، لە کۆدی جینەتیکی گونجێنراو لەنێو (دی ئێن ئەی)دا تا بە میتاپۆلیزمی ئۆرگانەکان دەگات و تا بە شێوازی کارکردی توانای بینین لەمرۆڤ دەگات، بە نەخشە و پلانگەلێک داڕێژراوە، کە هیچ مەبەستێک لەپشتیانەوە نەبووە و پشتبەستوو نەبووە بە فەهم و تێگەیشتنی

**پێشوەخت. یەکێک لەگرنگترین پاگەندەکانی دانیال دێنیت ئەوەیە کە بەزۆری ئەو کارانەی ئێمە و ئۆرگانیزمە هاوجۆرەکانی ئێمە بۆ زیندوومانەوە، مامەڵە لەگەڵ جیهان و یەکتردا، و خستنەوەی وەچە، ئەنجامیدەدەین، بۆ ئێمە یان ئەوان (ئۆرگانیزمەکان) قابیلی تێگەیشتن نیە، ئەم کارانە، تواناگەلێکن بەبێ درککردن. ئەم خاڵە بەئاشکرا دەربارەی ئۆرگانیزمەکانی وەک بەکتریا و گیاکان، کە هیچ جۆرە هێزێکی تیگەیشتنیان نیە، ڕاستە. بەڵام بەهەمان ئەندازەش دەربارەی گیاندارانێکی وەک ئێمە، کە بۆ زۆرێک لە شتەکان تێگەیشتنمان هەیە، هەر ڕاستە. بەگشتی ئەوەی ئەنجامیدەدەین و ئەوەی جەستەی ئێمە پێی هەڵدەستێت، هەرسی خۆراک، جووڵەی ئەندامێکی دیاریکراو بۆ دەسگری دەرگایەک، یان گۆڕانی کاریگەریی شەپۆلی دەنگی لەسەر پەردەی گوێمان بۆ چەمک و واتای مانادار، بە هۆکارگەلێک و بیانوویەک ڕوودەدەن کە هۆکار و بیانووی ئێمە نین! بەڵکو ئەمانە شتانێکن کە دێنیت بە ( دەلیل و هۆکاری هەڵواستراو) ناویان دێنێت. دەلیل و هۆکارگەلێک کە بەرمەبنای فشاری هەڵبژاردنی سرووشتی درووستبوونە و دەبنە زەمینەسازی ئەم ڕەفتار و پرۆسە کردارانە و لەکۆگای (ناخودئاگای) ئێمەدا دەیچەسپێنن. هۆکارگەلێک بوونی هەیە کە بۆچی ئەم نمونە ڕەفتارییانە دەردەکەون و دەمێننەوە، بەڵام ئێمە ئەو هۆکارانە نازانین، و بۆ خستنەڕووی ئەو توانستانەی کە زەمینەی کردارنواندن بۆ**

ئێمە دەڕەخسێنن، پێویست ناکات ئەو هۆکارانە بزانین. هەروەها پێویستمان بەوە نیە میکانیزمە ناوەکییەکانی ئەو تواناییانەش درکبکەین. دێنیت بە خوازەیەکی ڕۆشنگەرانە پاگەندەی ئەوە دەکات (وێنەی ئاشکرا) " وێنەیەک جیهان هەر بەو جۆرە پیشاندەدات کە ئێمە ژیانی ڕۆژانەمانی تیا بەسەر دەبەین" لە زنجیرەیەک لە ( بەکارهێنەرە _ وەهمییەکان ) پێکهاتووە: " وەک نمونەی ئەو (بەکارهێنەرە - وەهمییە) داهێنەرانەیەی کە لە هێما وێنەییەکانی کلیککردن و کێشان (**drag**)، دروستکراون، یان ئەو زەرفە ئەلیکترۆنیە ڕەنگ زەردە بچوکەی سەر شاشەی کۆمپیتەر کە دەتوانرێت فایلەکانیان لەناودا هەڵبگیرێت و تەواوی ئەو پێکهاتانەی تر کە دەتوانرێت لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیتەرەکەتان ببینرێن. ئەمانەی سەر دیسکتۆپ وەهمی بەکارهێنەرن و شتێکیش کە لەواقیعدا لەپشتەوەی دیسکتۆپدا دەگوزەرێت بە شێوازێکی تاقەت پڕوکێن، ئاڵۆز و ناڕوونە. بەڵام پێویست نیە بەکارهێنەران لەبارەی ئەمەوە بزانن. هەر بۆیە دیزانەرانی بەئاگای ئەم کەرەستانە، بەشێوازێکی تایبەت ئەم کارانەیان سادەکردووەتەوە تاوەکو هەستپێکراو بن بۆ چاوەکانی مرۆڤ و بۆ ڕاکێشانی سەرنجیش، چەندین جۆر دەنگیان بۆ زیادکردووە (کە بەکارهێنەر لەکاتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و سمارت فۆندا، گوێبیستی ئەو دەنگانە دەبێت. و). هیچ شتێکی پەیوەندیدار و پەیوەست بەیەک و هەستپێکراو لەناوەوەی

**دیسکتۆپ دا بوونی نیە کە لەگەڵ ئەو زەرفە ئەلیکترۆنیە ڕەنگ زەردە بچوکەی سەر شاشەکە بگونجێت یان پەیوەندییان پێکەوە هەبێت!" دێنیت باوەڕی وایە: " کە (وێنەی ئاشکرا)ی هەر جۆرێک لە بوونەکان، خۆی لەخۆیدا (بەکارهێنەرە _ وەهمییەکە)، کە لەڕێگەی پەرەسەندنەوە بە چەشنێک دیزاینکراوە تا لەگەڵ نیاز و پێویستی بەکارهێنەرانی بگونجێت.". بەپێچەوانەی دەستەواژەی (وەهم)، دێنیت نایەوێت واقیعی ئەو شتانەی (وێنای ئاشکرا)یان پێکهێناوە، نادیدە بگرێت. ئەو شتانەی دەیانبینین و دەیانبیستین و لەئاستیاندا پەچەکردار دەنوێنین، " وەهم و خەیاڵی پەتی نین، بەڵکو لەبەرگیراوەیەکی جیاوازترن لەوەی کە لەواقیعدا هەیە: نمونە واقعییەکان". لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم واقیعە ژێرخانییەی جیهانی هەستپێکراو، خۆی لەخۆیدا بۆ ئێمە و گیاندارانی تر بەشێوازی پەتی و ئەپستراکت بوونی نیە، بەڵکو بەشێوازێکی ورد دەتوانرێت تەنها لەڕێگەی (وێنەی زانستی) و لەکۆتاییدا بە زمانی فیزیا و کیمیا و بایۆلۆژیای خانەیی، و توێکاری خانە دەمارییەکان، بخرێتەڕوو. (بەکارهێنەرە - وەهمییەکانی) ئێمە - کە مەبەست ئەو دیاردە و وێنانەیە لەسەر پەردەی زەینمان بەو جۆرە دەردەکەون کە پێیان ڕاهاتووین. و- ، بەپێچەوانەی هێما بچوکەکانی سەر دیسکتۆپ بەدەستی ئەندازیارێکی ئاگامەندی کۆمپیوتەر درووستنەکراون. دەتوانین بڵێین هەموو ئەوانە وەک وێنای ئێمە بۆ مرۆڤەکان،**

ڕووخسارەکان، دەنگەکان و ڕەفتارەکان، هەستی چێژ یان ئاسودەبوون، بێزاری لەهەندێک لەشتەکان و مەترسیدار بوونی هەندێکی تریان، پرۆسەیەکی دیزاینکراو و نەخشەسازییەکی (لە خوارەوە بۆ سەرەوە)ن، کە لەڕێگەی تیۆرەی پەرەسەندنی هەڵهێنجراو لە هەڵبژاردنی سروشتیی دەتوانرێت درکبکرێت، ئەم دیزاینە، دیزاینی (لە سەرەوە بۆ خوارەوە)ـی بوونەوەرێکی هۆشمەند نیە. داروین، لەوەدا کە دانیال دێنیت بە " جۆرێک لە لنگاوقوچبوونی درک و تێگەیشتن " ناویدەبات، پیشانمانی دەدات چۆن لەبەرانبەری شێوازی مەیلی تێگەیشتن و درکی هەمیشەییمان بوەستینەوە و خۆمانی ڕادەست نەکەین، تێگەیشتن و درکێک کە دیزانی جیهان و ئەگەرەکان، بەپشتبەستن بە هەبوونی دیزاینەرێکی هۆشمەند ڕووندەکاتەوە، و چۆن تێگەیشتن لەڕێگەی هەڵبژاردنی سرووشتی و پرۆسەی ناهۆشیارانە و بەڕێکەوتی گۆڕانی ڕیشەیی جۆرەکان(٤) و وەچەخستنەوە و هاوتاسازیی جۆرەکان(٥) و مانەوەی جۆرە خۆگونجێنەکان (٦)، بکەین بە ئەڵتەرناتیڤی ئەو مەیلە. ئالان تورینگی داهێنەری کۆمپیوتەر، لەوە تێگەیشت کە چۆن ئامێرێکی ناهۆشمەند دەتوانێت بەشێوازێکی تەواو و کامڵ کاری ژمێریاری و ئامار ئەنجامبدات، بەبێ ئەوەی بزانێت چی دەکات! بە کۆمەکی ئەم تێگەیشتنەی ئەو، ئەمڕۆ ئێمە لە بواری میکانیزمە بنەڕەتییەکان ئایدیایەکی گشتیمان هەیە، ئەوەی کە چۆن ئەو میکانیزمانە دەتوانن وەک

**هۆکارێکی دیکەی لنگاوقوچبوونی تێگەیشتن و درک، کارسازبن. ئەم بابەتە دەتوانرێت بەسەر تەواوی جۆرەکانی ئامار و کۆنترۆڵی بارودۆخ لە سرووشت و تەنانەت لە سیستەمە دەستکردەکانی دەستی مرۆڤیشدا بگشتێنرێت و بەکارببرێت، تاوەکو توانایەکانی ئەمانە پشت بە تێگەیشتن و ئاگایی نەبەستن. پاگەندەی "دێنیت" ئەوەیە کاتێک ئێمە ئەم دوو جۆرە لە دیدگا، لەتەنیشتی یەکەوە دادەنێین، لەوە دەگەین کە: «هەموو هۆش و تێگەیشتنێک لەجیهاندا، لەکۆتاییدا لە تواناگەلێکی بەبێ ئاگایی و درککردن پێکهاتوون کە بەدرێژایی کات لەسەر یەک کەڵەکە بوون تا سیستەمگەلێکی کاراتر و سەرەنجام سیستەمگەلێکی خاوەن ئاگایی و درک بێننە بوون! لەڕاستیدا ئەمە لنگاوقوچکردنێکی سەیرە کە وێنای پێش داروینیزمیی (پێشکەوتنی زەین بەسەر مادەی)ی لە ئافراندندا هەڵتەکاند تاوەکو وێنای ( لەپاش مادە زەین)ی لەجێگادا دابنێت». ئەو درێژەی پێدەدات: " خودی (تورینگ) یەکێکە لە چڵەکانی درەختی ژیان، و داهێنانەکانی ئەو، چ بەرجەستە بن یان ئەبستراکت، پرۆسەگەلێکی ناڕاستەوخۆی نێو پرۆسە کوێرانەکانی پەرەسەندنی داروینیین! هەر ڕێک بەو ئەندازەیەی کە تاڵەکانی تۆڕی جاڵجاڵۆکە یان بەنداوەکانی سەگی ئاوی وان!" قۆناغی سەرەکی و خاڵی لوتکەی ئەم پرۆسیسە، پەرەسەندنی کەلتورییە، کە بە باوەڕی دێنیت بەشی گەورەی ئەم پەرەسەندنە،**

هەروەک پەرەسەندنی سرووشتی و بایۆلۆژی، بەبێ ژیری و تێگەیشتن ڕوویداوە. دێنیت، پێناسەکەی ( پیتەر گادفێری ئیسمیت ) نقڵدەکات و بەرمەبنای ئەمە ڕووندەبێتەوە کە دەتوانرێت چەمکی پەرەسەندن بە واتایەکی بەرینتر بەکار ببرێت: «پەرەسەندن بەهۆی هەڵبژاردنی سرووشتییەوە، گۆڕانکارییەکە لەگرووپێکدا بەهۆی: ئەلف/ بازدانی جینەتیکی و گۆڕانی ڕیشەیی تایبەتمەندی ئەندامەکانی ئەو گرووپە. ب/ کە ئەمەش دەبێتە زەمینەسازی بۆ دەرکەوتنی پلەی جیاواز و جۆربەجۆر لەخستنەوەی وەچە و هاوڕەگەزسازی (یان هاوتاسازی، کە پرۆسەی کەرتبوون و دابەشبوونی بەکتریا و بوونەوەرە تاک-خانەیەکانە و هەمان پرۆسەی زاوزێیە لای گیاندارانێکی وەک ئێمە. و). ج/ سەرئەنجام ئەم سیفاتە گۆڕاوانە، دەتوانرێت لە سیاقی بۆماوەییدا بگوازرێنەوە». گۆڕانی جۆرەکان لە نێو لۆژیکی ژینگەییدا، بەرەنجامی بازدانی جینەتیکییە لەنێو (دی ئێن ئەی)دا و لەڕێگەی خستنەوەی وەچە یان هاوتاسازییەوە، دەتوانرێت وەک سیفاتی بۆماوەیی، ئەم گۆڕانکارییە بگوازرێتەوە. بەڵام هەر ئەم نمونەیە دەتوانرێت بەسەر گۆڕانکارییە ڕیشەییە ڕەفتارییەکانیشدا جێ بەجێ بکرێت، کە ئەمەیان بەهۆی بازدانی جینەتیکییەوە ڕووینەداوە، و تەنها لەو ڕووەوە قابیلی گواستنەوەیە بەمانا (بۆماوەییەکەی) کە ئەندامانی تری هەمان گرووپ بتوانن لە بەری بگرنەوە و لاسایی بکەنەوە، ئیتر

جیاوازی نیە کە ئەو ڕەفتارە ئاخۆ شێوازێکی گەمە و یارییە، یان وشەیەکە، یاخۆ خورافەیەکە یا جۆرە پاساوێکە. ئەم فەزا و قەڵەمڕەوە شتێکە کە ڕیچارد داوکینز ناونیشانی ( لەیادمانەوەی میمەکان )ی بۆ داناوە. دانیال دێنیت ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەم چەمکە لە وەسفکردنی فۆرمەلەبوون و چۆنیەتی پەرەسەندنی کەلتوری، ئێجگار کارامەندە. لەم ڕووەوە ئەو بەم جۆرە وەسفی (مێمەکان) دەکات: «ئەوانە، دەتوانین بڵێین جۆرێک لە شێوازی ڕەفتاریین کە دەتوانرێت لەسەریان بگیرێتەوە و قابیلیەتی لاساییکردنەوەیان تێدایە، دەتوانرێت بگوازرێنەوە، بە یادگە بسپێدرێن، بخرێنە پرۆسەی فێرکردنەوە، ببێزرێن، لەڕوو بدرێنەوە، ناشیرین بکرێن، گاڵتەئامێز پیشانبدرێن، سانسۆربکرێن یان پیرۆزبکرێن».

(میمەکان) دەکرێت شتانێکی وەک لنگاوقوچ لەسەر کردنی کڵاوی باستیکبۆل یان دروستکردنی ڤێلۆنێک بەشێوازێکی تایبەتی بن. بەڵام باشترین نمونەی (میم) بریتییە لە چەمکەکان. چەمکێک یان دەستەواژەیەک، چەشنی ڤایرۆس، لە بۆ هاوتاسازی و گەراخستن، پێویستی بە خانەخوێیەکە، و تەنها بە یەک شێواز قابیلی مانەوەن، ئەویش پێویستە لەکۆتاییدا بۆ خانەخوێیەکانی تر بگوازرێنەوە؛ کەسانێک کە بە لاساییکردنەوە فێریان دەبن: «چەمک و دەستەواژە، هەر وەک ڤایرۆس، بەگشتی لەڕێگەی پەرەسەندنەوە، بۆ هێنانەبوون و پێشخستنی هاوتا و ڕەگەزی خۆیان دیزاینکراون، و هەر نمونەیەک

**لەچەمکەکان کە واتا بەبار دێنێت، زنجیرەیەک هاوتا بەدوای خۆیدا دەخاتەوە، بەم جۆرە نمونەگەلێکی سەرچاوەگرتوو لەنمونەی یەکەمەوە، (جۆرێک) پێکدەهێنن. ئەمەش هەر هاوشێوەی جۆرە ئۆرگانیەکانن ( بۆ نمونە جۆرێکی گیانلەبەر یان ڕووەک)....». (مەبەست لەمە، ئەوەیە هەر چەمک یان وشە و ناوێک، کە دەڕواتە نێو فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران و قسەکەرانەوە، چەندین شێواز و وێنای پیتی لە ناو زمانی ئەو ئاخێوەرانەدا بۆ خۆی درووستدەکات، بەڵام لەهەموو فۆرمە پیتییەکانیدا هەر هەمان واتای هەیە و بۆ ئەمەش قەرزاری درکی ئاخێوەرانە. خۆ ڕەنگە ئەو وشەیە بەگوێرەی کەلتوری ئاخێوەران مەفهومێکی تەواو جیاوازتر لەو شتەی بۆی داڕێژراوە، پێکبهێنێت و بۆ جۆرە ئیدیۆم یان میتافۆرێک پەرەبسێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر سەر بە یەکەمین فۆرمی سەرەتایانەی واتایی خۆیەتی. و.) جیاوازی لەنێوان (بنەڕەتی جۆر) و (لێکەوتەکانی جۆر)، لەفەلسەفەی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت. وشەی (tomato) بنەڕەتی جۆرێکە و خۆی لەخۆیدا جۆرێکە، بەڵام فۆرمە جیاجیاکانی بەیانکردنی (نووسین، دەربڕین، ئەندێشەکردنی)ی بریتییە لەنمونە و لێکەوتەی ئەو جۆرە. نمونە جیاجیاکانی، دەتوانن ئێجگار جیاواز بن لەیەک، بۆ نمونە تۆ بڵێی: tomayto و من دەڵێم: tomahto، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئەم نمونانە یەکدەخات، توانایی درککردنی ئاخێوەرە جیاوازەکانە لە تێگەیشتن و**

ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە هەموو ئەو جیاوازیانەی دەربڕین، نمونەگەلێکی لەبەرگیراوەی هەمان جۆری بنەڕەتین. لەبەر ئەم هۆکارەش ئەو کەسانەی لەناو سیاقی یەک زماندا بەچەند شێوەزار یان زارێکی جیا جیا دەپەیڤن، یان لە تایپدا فۆنتی جیاواز بەکار دەبەن، دەتوانن لەمەبەستی یەکتر تێبگەن. منداڵ، زمانی دایکی خۆی، بەبێ ئەوەی هیچ دەرکێکی لە چۆنیەتیی کارکردی هەبێت، فێردەبێت. دێنیت بەشێوازێک کە مایەی قبوڵە، لەو باوەڕەدایە زمان هەر بەم جۆرە و بەبێ هیچ دیزاینێکی ئاگاییانە و بێ هیچ بەرنامەیەک سەریهەڵداوە و لەوەشە لەسەرەتاوە زمان هەر ئەو پەیوەندییە ناچارییەی نێوان (دەنگ و ئەندێشە)ی پێش قۆناغی زمانی بووبێت! نەوەک هەر دەنگەکان، بگرە هێما و ئاماژەکانیش. هەروەک دێنیت ئاماژەی پێ دەکات، بۆ ئێمە زۆر سەختە بەبێ جوڵەی سەر یان دەست قسەبکەین. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە گریمانەدەکرێت سەرەتاییترین زمان، زمانی ناگوفتاری یان ئاماژە بووبێت. لەکۆتاییدا ئەم (میم)ـانە لەقاڵبی زمان گەلێکدا فۆرمەلە بوون، کە ئێمە پێیان ئاشناین، زمان ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەی کە قابیلیەتی فراوان بوونی هەیە و کۆمەڵانێکی زۆر تێیدا هاوبەشن. زمان، توانایی ئەوە بە ئێمە دەبەخشێت لەڕێگەی قسەکردن لەبارەی ئەو شتەی بوونی نیە، پێ بخەینە ئەو دیوی سنورەکانی «کات و شوێن»ـەوە، تاوەکو تۆپەڵە و بڕی بەدەستهاتووی

هاوبەشەکییانەی پرۆسیسی ناسینەوە لەسەر یەک کەڵەکەبکەین و لەڕێگەی نوسینەوە، لەدەرەوەی زەینی تاکەکەس، مۆڵیان بدەین و بیانپارێزین. ئەمەش دەبێتە زەمینەسازی بەبارهاتنی خەرمانێک لە پرۆسەی ناسین و مەعریفە و کرداری دەستەجەمعی، کە لەنێو زەینەکاندا دەبێتە بوونیادنەری شارستانیەتە پەرش و بڵاوەکان. هەروەها زمان توانایی ئەوەشمان پێ دەدات تا سەرنجمان لەسەر بیرەکانی خۆمان چڕ بکەینەوە، و لەشێوازی بەهرەی (لەسەرەوە بۆ خوارەوە کە تایبەتی زانست و هونەر و تەکنۆلۆژیاییە) پەرەیان پێبدەین. بەڵام شتێکی لەم شێوەیە، بەدیهێنان و پەرەدان لەفۆرمی (لە سەرەوە بۆ خوارەوە)، تەنها لەسەر بنەمایەکی قوڵی توانایی ئیمکانی ڕوودانی هەیە، کە پەرەسەندنی ئەم توانایە بەگشتی لە فۆرمی (لەخوارەوە بۆ سەرەوە) یان بەواتایەکی تر، بەرهەمی پەرەسەندنی کلتور لەڕێگەی هەڵبژاردنیی سروشتییەوە بووە. دانیال دێنیت، بەبێ ئەوەی پشکی بەهرە و لێهاتووی تاکە کەس نادیدە بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگرە لەسەر ئەوەی نابێت بێ ئاگا بین لە پێش مەرجی حەتمیی ئەو بەهرەو لێهاتوویە، واتە پێشینەی ململانێی خۆ پڕچەککردنی (میمە ڕکابەرەکان) بەدرێژایی هەزاران ساڵ، کە بەڵگەی ڕاستێتی ئەمەش بریتییە لە پەرەسەندن، مانەوە و لەناوچوونی زمانەکان، کە خۆی لەخۆیدا هەموو ئەمانە بەبێ بەرنامەی پێشوەخت ڕوویانداوە. هەڵبەت پەرەسەندنی بایۆلۆژییانەی مێشک کە هاوکات

**بووە لەگەڵ جۆرێک لە پەرەسەندنی پێ بەپێ و دیالیکتیکیانەی مێشک و کەلتور بەدرێژایی پێنج هەزار ساڵی ڕابوردوو، ئیمکانی بۆ هەبوونی هەموو ئەمانە ڕەخساندووە. بەڵام ئێستا دەتوانین گومان لەبارەی هەموو ئەوانەوە بکەین کە ڕوویانداوە. دێنیت بۆ بەرگریکردن لەم دیدگایە پشت بە لێکۆڵینەوەگەلێکی نوێ دەبەستێت. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە، پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ بەرهەمی ململانێی لەخوارەوە بۆ سەرەوە و (فۆرمبەخشی هەرەوەزییانە)ـی خانەدەمارییەکانە، ئەمە پرۆسیسێکە کە تاڕادەیەک لەڕێگەی پەچەکردارنواندن لەئاست هێرشی (میمەکان) بەرەو پێش دەڕوات. بەڵام بە چاوپۆشی لە وردەکارییەکان، گەر دێنیت لەسەرحەق بێت لەوەی ئێمە بوونەوەرانێکی فیزیکاڵین، ئەوا ئەم ئەنجامە بەدەست دێت کەوا هەموو تواناییەکانی تێگەیشتن، هەموو بەهاکان، درککردنەکان و ئەندێشەکان کە (وێنەی ئاشکرا) بە ئێمە دەبەخشن و توانای ئەوەمان پێ دەدەن تاوەکو (وێنەی زانستی) پۆلێنبەندی بکەین، بوونی واقیعییانەی خۆیان وەک سیستەمگەلێکی دیاردەناسی، قەرزاری سیستەمەدەماری سەنتراڵیین.**

**ئەم بابەتە ئێمە بە پرسی ئاگایی دەگەیەنێت، کە دێنیت لەبارەیەوە هەڵوێستێکی جیاواز و بەئاشکرا دژبەیەکی هەیە. (وێنەی ئاشکرا)ی ئێمە لەسەر جیهان و خۆمان، بەگشتی نەوەک هەر جەستەی فیزیکاڵی ئێمە و سیستەمی سەنتراڵی**

**خانەدەمارییەکان دەگرێتەوە، بەڵکو ئاگاییە تایبەتەکەی ئێمە بەتەواوی تایبەتمەندییە ناوازەکانیەوە - هەستەوەری، سۆزداری و عەقڵی - و هەروەها ئاگایی هەموو مرۆڤەکانی تر و زۆرێک لە جۆرە نامرۆییەکانی تریش دەگرێتەوە. دێنیت هاوئاهەنگ لەگەڵ دیدگای گشتگیری خۆی لەبارەی (وێنەی ئاشکرا) باوەڕی وایە ئاگایی بەشێک نیە لە واقیع، بەو جۆرەی کە مێشک بەشێکە لە واقیع. بەڵکو ئاگایی (بەکارهێنەرە وەهم)ێکی ئێجگار دیار و قەناعەتپێکەرە، وەهمێک لە مامەڵەی ئێمە لەگەڵ یەکتر و لە جووڵە و کۆنترۆڵی خۆماندا، پێویستییەکی ناچارییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگایی هەر وەهمێکە و هیچی تر. دیارە مافی ئەوەتان هەیە بپرسن چۆن دەکرێت ئاگایی وەهمێک بێت؟ چونکە هەر وەهمێک خۆی لەخۆیدا ئەزمونێکی ئاگایانەیە، دیاردەیەکە کە لەگەڵ واقیعدا یەک ناگرێتەوە. کەواتە ناتوانم وای وێنا بکەم بەئاگام، لەکاتێکدا نیم. هەر بەو جۆرەی دیکارت بەدرووستی دەریبڕی، کە واقعییەتی ئاگایی خودی من، شتێکە ناتوانم لەئاستیدا غافڵ بم. میتۆدێک کە دێنیت بۆ خۆلادان لەم دژیەکییە ئاشکرایە دەیگرێتە پێش، دەمانباتەوە سەر کرۆکی بابەتەکەی. بابەتێک کە بایەخ و گرنگیی (دیمەنی ڕۆڵی کەسی یەکەم ٧) لە ئاست ئاگایی و بەگشتی لەئاست زەیندا نادیدەدەگرێت. ئەم تێڕوانینە هێندە ناسروشتیە، ڕوونکردنەوەی سەخت دێتە پێش چاو. بەڵام خاڵێکی هاوبەشی**

لەگەڵ (ڕەفتارگەرایی)دا، کە لەدەروونشیکاری ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو برەوی هەبوو، هەیە. دێنیت باوەڕی وایە تێگەیشتنی ئێمە لە گیاندارانی ئاگامەندی خاوەنی ژیانی زەینی و مەعنەوی (کە ناتوانرێت تەنیا بە چەمکە فیزیکاڵیەکان وەسف بکرێن) تێگەیشتنێکی ساختە، بەڵام کارا و بەسودە، و توانای ئەوە بە ئێمە دەدات تاوەکو پێشبینی چۆنیەتی ڕەفتاری ئەو گیاندارانە بکەین و لەگەڵیان دا هەڵسوکەوت بکەین. دێنیت چەمکی ( نا دیاردەناسی) بۆ ئەم پرۆسەی ناولێنانە (تەواو دۆزنانەیە) داتاشی. ئەوەی هەریەک لەئێمە نمایشێکی زەینی و دەروونی (کە لێوڕێژە لە ئەزموونە هەستەکییەکانی وەک ڕەنگەکان و شێوەکان و تامەکان و دەنگەکان و وێنەکان و کاڵا و شمەکەکان....هتد) دەدەینە پاڵ ئەوانیتر، کە لەخۆگری وێناکردنی ئەوانە بۆ جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرمەبنای ئایدیای دانیال دێنیت، واقیع ئەوەیە کە وێناکانی ناو هەناوی ڕەفتارە مرۆییەکان، لە نێو پێکهاتەی خانە دەمارییەکانەوە دێنە بوون، کە ئێمە زۆر کەم لەبارەیانەوە دەزانین. هەر هەمان نمونە، بۆ ئەو وێنایەی کە بۆ زەینی خۆمان هەمانە، دەگونجێت (زەین و وێناکانی بەرئەنجامی زنجیرەیەک کردە و پەچەکرداری کیمیایی و فیزیکاڵین. و. ). تێگەیشتن و درکی ئێمە، واقیعێکی دەروونی و خۆبەخۆیی نیە، بەڵکو تەنها پەیامێکە لە پێویستیی ئێمەوە بۆ دەربڕینی تواناییەکان و شایستەیەکان و مەیل و حەزە

**جیاوازەکانمان لەبەرامبەر ئەوانیتر، سەرچاوەیگرتووە، تا بەشێوەیەک بۆیان بخەینە ڕوو، قابیلی تێگەیشتن بێت (هەندێک جاریش لە پێویستیی ئێمەوە بۆ شاردنەوە و پەنهانکردنیان، سەرچاوەدەگرن): " کەواتە، (دیمەنی رۆڵی کەسی یەکەم)ی ئێمە لە زەینی خۆماندا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ (دیمەنی ڕۆڵی کەسی دووەم)ی ئێمە لەزەینی ئەوانیتردا نیە. ئێمە ئەو دەزگا ئاڵۆزە خانەدەمارییەی کە بەبەردەوامی لە مێشکماندا کار دەکات، نابینین و نایبیستین و یان هەستی پێ ناکەین، بەڵکو دەبێت بە نوسخەیەکی لەبەرگیراوەی، ڕازی ببین. ئەویش بریتییە لە (بەکارهێنەرە وەهم)، کە هێندە بۆ ئێمە ئاشنا و بەردەستە، نەوەک هەر بەواقیعی دەژمێرین، بگرە وەک بابەتێک کە هیچ گومان هەڵناگرێت و وەک ئاشناترین ڕاستی بەکاری دەبەین". لایەنی کێشەسازی ئەنجامگیرییەکەی دێنێت ئەوەیە نەوەک بە تەنها شتانێکی زۆر لەپشتی پەردەی توانا ڕەفتارییەکانی ئێمە کە لە (دیمەنی ڕۆڵی کەسی یەکەم)ەوە بۆ ئێمە ئاشکرادەبێت، بوونیان هەیە، (کە ئەم خاڵە بە بێ گومان ڕاستە)، بەڵکو هیچ شتێک بۆ (دیمەنی ڕۆڵی کەسی یەکەم) ئاشکرا نابێت جگە لە لەبەرگیراوە و نوسخەیەکی دەزگای کۆئەندامی خانەدەمارییەکان نەبێت. بە واتایەکی تر، کاتێک من بۆ ئاڵای ئەمریکا دەڕوانم، ڕەنگە وا بێتە پێش چاوم کە پارچە قوماشێکی بە هێڵی سور نەخشێنراو لە ناوچەی بینینی زەینی من بوونی هەیە،**

بەڵام ئەمە وەهمێکە! تەنها واقیعیەتێک کە بوونی هەبێت ( و ئەو تێگەیشتنەی لای سەرەوەی منیش هیچ نیە جگە لە نوسخە و لەبەرگیراوەیەکی تەفسیر کراو و گۆڕدراوی ئەو واقعیەتە) ئەوەیە کە پرۆسەیەکی فیزیکاڵ لە توێژاڵی بەشی بینینی مێشک لەڕووداندایە و من ناتوانم وەسفی بکەم. ئەو دەربڕینەی برایانی (مارکس ٨) دێنینەوە یادمان " باوەڕ بە چی کەسێک دەکەیت؟ من یان چاوەکانت؟". دێنیت لە ئێمەی دەوێت پشت بکەینە شتێک کە ئێجگار ڕوون و ئاشکرایە: ئەوەی کە ئێمە لە ئاگاییدا، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەزمونی زەینیی واقیعێک لە ڕەنگەکان، بۆنەکان، دەنگەکان، تامەکان و هەستی بەرکەوتنەکان ڕووبەڕووین، کە ناتوانرێت لەسەر بنەمای چەمک و دەستەواژە دەمارناسییەکان بەتەواوی وەسف بکرێن، هەرچەند هۆکاری خانە دەماریشیان لەپشتەوە بێت ( یا جیاواز لە هۆکارە ئەزمونییەکان، هۆکاری دەماری لەپشتیانەوە بێت). ئەو چاوەڕوانییەکی لەم شێوەیەی لەئێمە هەیە، چونکە واقعیەتی ئەم دیاردانە لەگەڵ ماتریالیزمی زانستیدا (کە لەدیدی دێنیت دا سنور و فەزا دەرەکییەکانی واقعیەت دیاری دەکات) یەکناگرنەوە. ئەو بە واتا ئەرستۆییەکەی: «خۆی دەنوسێنێت بەیەک دیدگاوە! ئیتر تێچوو و ئاکامەکەی هەرچی بێت». قسەکانی دێنیت، گەر درووست تێیگەیشتبم، ئێمە پابەنددەکات بەوەی تەفسیرێکی ڕەفتارگەرایانەمان بۆ خودی خۆمان هەبێت: کاتێک وا بیردەکەمەوە ئەزمونێکی

**ئاگاییانەی زەینییم هەیە، ئەو ئەزمونە تەنها باوەڕێکە کە لە چوارچێوەی ئەوەی ئارەزووی دەربڕین و وتنی دەکەم ، دەربڕدراوە. بەپێی دیدگای دێنیت، ئەو شریتە سورانەی کە لە ناوچەی بینینی من لە کاتی سەیرکردنی ئاڵای ئەمریکا بەدەردەکەوێت، تەنها (بابەتێکی ئنتێنشناڵێتی ٩) ئەو جۆرە باوەڕەیە. هەر وەک چۆن بابا نوئێل تەنیا بابەتێکی ئنتێنشناڵێتی باوەڕی منداڵێکە بە هەبونی بابا نوئێل. هیچ یەک لەوانە واقیعی نین. لەبیرتان بێت تەنانەت بەکتریا و درەختەکانیش (وێنەیەکی ئاشکرا)یان هەیە، کە پێویستە لەڕێگەی ڕەفتاری دەرەکییانەوە درکبکرێت. وا دیارە بۆ ئێمەش ئەم بابەتە هەر ڕاستە، وێنەی ئاشکرا، هەرچۆنێک بێت، وێنەیەک نیە. هیچ هۆکارێک بوونی نیە تا بەناوی زانستەوە، بەدوای ئەم چەوت و چەوێڵییە زەینیانەدا بچین. پێشکەوتنی زانستی فیزیا لەسەدەی حەڤدە بە کردنە دەرەوەی زەین لە فەزای تیۆرییدا، ڕوویدا. وتنی ئەوەی کە فیزیا توانای ڕوونکردنەوەی هەموو واقیعی نیە (پێدانی تەفسیرێکی هەمەکی بۆ واقیع)، جۆرێک لە نهێنیپارێزی نیە، بەڵکو پاڵپشتییەکە بۆ ئەوەی هێشتا ئێمە بە هیچ جۆرێک لە تیۆرییەی (دەربارەی هەموو شت) نزیکنەبووینەتەوە. دەبێت زانست بە ئاستێک بەرین و فراوان بێت تا لەگەڵ ئەو جۆرە واقیعانە بگونجێت کە لەبنەڕەتدا لەگەڵ ئەو واقیعانەی فیزیا بۆ ڕوونکردنەوەیان داهێنراوە، جیاوازییان هەیە. ئەوەی کە ڕەنگە پەیامگەلی**

**زیادەڕەوانە و توند بەتایبەت بۆ زانستی سرووشتیی جێگاپەسەند لای دێنیت، بایۆلۆژی درووستببێت، نابێت ئێمە تووشی شڵەژان بکات. ڕەنگە تیۆری پەرەسەندن (کە لەئێستادا تیۆرێکی تەواو فیزیکاڵییە)، بۆ ڕوونکردنەوەی ئاگایی (ئەگەر ئاگایی بە پێچەوانەی گومانی ئەوەوە، وەهمێک نەبێت)، ناچار بێت میکانیزم و هۆکاری نا فیزیکاڵیش بەکاربهێنێت. ماتریالیزم هێشتا وەک دیدگایەکی بەربڵاو هەر دەمێنێتەوە، بەڵام زانست بە سازاندن و گونجاندنی پێدراوەکانی خۆی لەبۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ تیئۆریەیەکی گشتگیر و هەمەکی، پێشکەوتن دەستبەر ناکات. بابەتگەلێکی زۆر لەم کتێبەدا هەن، کە لێرەدا هیچم لەسەر نەوتوون: دەربارەی پەروەردە و فێرکردن، تیۆری زانیارییەکان، کیمیای پێش ژیان، شیکاری واتایی، ڕۆڵی دەروونناسی گریمانەیی، پۆلێنبەندیی جۆرەکانی زەین، و هۆشمەندیی دەستکرد. تێڕامانەکانی دێنیت دەربارەی مێژوو و پرسی دورمەودای هۆشیاری دەستکرد، و ئەوەی ئێمە چۆن پەرەپێدانی ئەمە ئیدارە بدەین و پەیوەندیمان لەگەڵیدا، پەروەردەییانە و حیکمەتئامێزە، ئەو بەم جۆرە ئەنجامگیری دەکات: "بە باوەڕی من مەترسی ڕاستەقینە لەوەدا نیە ئامێری زیرەک تر لەئێمە، ڕۆڵی ئێمە وەک فەرمانڕەوا بەسەر چارەنوسی خۆمان، بە زۆر لەئێمە بستێننەوە، بەڵکو مەترسیی ڕاستەقینە ئەوەیە ئێمە لە هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی خۆمان بۆ کۆتا**

کەرەستەگەلی (داهێنراوی) بیرمان، زیادەڕەوی بکەین و پێش کاتی خۆی، بژاردەی زیاتر لە شایستەیی و توانایی خۆیانیان پێ ببەخشین. دەبێت ئومێدەواربین کە دیزاینی ئامێرە زیرەکەکان بە جۆرێک بەردەوامیی پێ بدرێت کە ژێر دەستە و کەرەستەی ئێمە بن، نەوەک هاوکار و هاو دەستی ئێمە. تاکە ئامانجی ( دەروونی و ناوەوەی) ئەو ئامێرانە، کە لەڕێگەی داهێنەرەکانیانەوە تێیاندا بەرنامەڕێژدەکرێت، دەبێت بریتی بێت لە بەدەستەوەدانی وەڵامی گونجاو و ڕوون بە خواستی بەکارهێنەران". دێنیت دەربارەی سرووشتی ڕاستەقینەی زەینی مرۆیی، بەتەنها دەکەوێتە لایەکی ئەو ئارگۆمێنت و باسە کۆنەوە کە سەرچاوەکەی دەچێتەوە لای دیکارت. دێنیت بە ڕێزەوە باسی دیکارت دەکات، بەئاماژەکردن بەوەی کە بە ( هێزی ڕاکێشانی دیکارتی ) ناویدەبات، واتە هەمان پرسی (دیمەنی ڕۆڵی کەسی یەکەم)، قەڵەمڕەوی ئاگایی کە بە وتەی دێنیت وەهمە، بە (شانۆی دیکارتی) ناو دەنێت. بێگومان ئەم باسوخواس و ئەرگۆمێنتە تا ماوەیەکی دورو درێژ بەردەوام دەبێت. تاکە ڕێگا بۆ تێگەیشتنی زیاتر، بریتیە لەوەی هەردوولای باسەکە تا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەیە، گرنگی بە فراوانکردن و بەرگریکردنی تەواوەتی لە تێگەیشتنی ڕکابەر و نەیارەکانیان بدەن، هەر بەو جۆرەی دێنیت وەهای کردووە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە باوەڕیان بەم دیدگا گشتگیرە نیە، لەم کتێبەدا خاڵی سەرنجڕاکێشی زۆر دەدۆزنەوە.

پەراوێزەکان:

1. تۆماس ناگیل: فەیلەسوفێکی ئەمریکاییە و مامۆستای فەلسەفەیە لەزانکۆی نیویۆرک. ناگیل ژمارەیەک وتار و کتێبی لەبارەی فەلسەفەی زەین و فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاق نوسیووە. لەگرنگترین نوسراوەکانی : کتێبی ( بیر و جیهان ) و وتاری ( چۆنە شەمشەمەکوێرە بیت؟). 2. Manifest image 3. Scientific image 4. گۆڕانی بەڕێکەوت و ڕیشەیی جۆرەکان: پرۆسەیەکی بایۆلۆژییە کە تێیدا گیاندارێک لەپاش لەدایک بوون، یان لەهێلکە دەرچوون، جەستەییەن پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات. ئەم گۆڕانکارییانە لەناو خانەکانی ئەو گیاندارەدا ڕوودەدەن و لەسەر جەستەش شیاوی دیدتنن. 5. Cloning: بەرهەمهێنانەوە و بەبارهێنانی توخم و ڕەگەزە وەچە، هاوتاسازی و خستنەوەی وەچە و گەرا دانان. یان: توانایی لە لەبەرگرتنەوە و نوسخەسازی ژێنێتیکی لەخود، وەک ئەوەی بەکترياکان پێی هەڵدەستن و لەکاتی زاوزێدا، بۆ دووکەرت دابەشدەبەن و دواتر ئەو دوو کەرتە دەبن بە دوو بەکتریای سەربەخۆ. 6. Differential survival 7. First person یان کەسی یەکەم یاخود (دیمەنی ڕۆڵی کەسی یەکەم): ئاماژەیە بۆ دیمەن و وێنەکانی يارییە ئەلیکترۆنیەکان لە چاوی پاڵەوان یان کەسی سەرەکی ناو ئەو یارییانە. سادەتر بدوێین، جۆرە یارییەکی کۆمپیوتەرییە کە بەکارهێنەر لەچاوی یاریکەری سەرەکیی ناو یاریەکەوە کۆی واقعە مەجازییەکان دەبینێت و بەرخوردیان لەگەڵ دا دەکات هەر وەک ئەوەی واقعی بن. واتە بەجۆرێک بەکارهێنەر ی ئەم یارییە لەڕۆڵی کەسی یەکەمی ناو یارییەکە نغرۆدەبێت، هەر دەڵێی لەپێستی ئەودایە. بەم جۆرە دیمەنە مەجازییەکانی ناو یارییەکە کە جیهانی مەجازی یاریکەرە سەرەکیە مەجازییەکەن، بۆ خودی بەکارهێنەریش دەبنە دیمەنگەلێک کە تەواو لەواقیع نزیکدەبنەوە. 8. برایانی مارکس: گرووپێکی کۆمیدیی ئەمریکییە و بەناوبانگترینیان ناوی گرۆچۆ مارکسە. 9. Intentionality یان باوەڕی ئیلتیفاتی: مەفهومێکی فەلسەفییە و بەمانای توانایی زەین دێت لەخولقاندنی وێنا و وێنە و بیر و درووستکردنی ئایدیایەک و دانانی لەبری شتێکی واقعی. ئەم مەفهومە لە قۆناغی ئیسکۆلایستیکی مەسیحیەتەوە ڕەواجی پێدراوە. بەڵام لە فیکری نوێدا، ئیدمۆند هۆسرێلی ڕابەری قوتابخانەی دیاردشناسی، پەرەپێدەری ئەم مەفهومە فەلسەفییە بوو. ئەم مەفهومە دواتر بۆ کێشانی هێڵی جیاکاری لەنێوان وێنای شتەکان و ئەو شتە وێناکراوانەی کە تەنها لە زەینی مرۆڤدا بوونیان هەیە لەگەڵ خودی شتەکان لەواقیع و شتەکانی ناو جیهانی دەرەوە، بەکارهێنرا.

سەرچاوەکان:

https://www.nybooks.com/articles/2017/03/09/is-consciousness-an-illusion-dennett-evolution/?sub_key=58b44f8a5888a

http://tarjomaan.com/barresi_ketab/8463/